# پاش سی و پێنج ساڵ ئاسیایەکی تر دەبێتە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان




## پارێزەر/  هەڵکەوت حیکمەت مەلاعلی

## سوێد.


بڕیار وایە پاش دە ساڵ کوفی ئەنان  پۆستی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بە کەسێکی کۆریای بسپێرێت، لەم ئاراستەیەدا هەر پێنج ئەندامە هەمیشەیەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش کە مافی ڤیتۆیان هەیە پێکهاتوون لە سەر کەسایەتی( بان کی وون )کە پێشتر پۆستی وەزارەتی دەرەوەی کۆریای باشووری لە ئەستۆدا بووە وە بڕیار درا کە پاش لە سێ دەیە  پۆستی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی تر بە ئاسیایەك بسپێردرێت.

لەم سۆنگەیەوە ڕیکەوتنێکی نەنوسراو واتە نارەسمی لە نیوان ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی گشتیدا هەیە لەم بارەیەوە، وە ئەمەش بە جۆرە گۆڕانێك دەژمێردرێت و وە هیچ یەك لە پێنج ئەندامە هەمیشەیەکە کاندیدی خۆیان بۆ ئەم پۆستە نەناساندوە، وە بە درێژایی مێژووی ئەو هەشت سکرتێرەی کە ئەم پۆستەیان وەرگرتەوە تاوەکو ئیستاشی لە لەگەڵدا بێت بە هیچ شێوەیەك وولاتانی وەك ڕووسیا، ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، وە چین کاندیدیان بۆ ئەم پۆستە نەبووە.

لە یەکەمین سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەو کات تریگۆلی وەزیری دەرەوەی وولاتی نەرویج بوو وە لە ساڵی 1946 بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردرا تا بە ئەمڕۆ کە بان کی وون کۆریای کە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم پۆستە بگرێتە ئەستۆ هەمیشە تەئکید لە سەر ئەوە دەکریتەوە کە دەبێت  پۆستی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە وولاتانی بێ لایەن بێت وە یان کەسانێك بن کە لە نێو ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کارامە و ئەکتیف بووبن وە یان خۆد ئاشنایەتی وئەزموونیان هەیە لە مەسەلەکانی نێو دەوڵەتی. لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەو  پێنج ئەندامە هەمیشەیەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش کە لە کۆی ئەو هەشت سکرتێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ کامیان سەر بەم وولاتانە نەبووە بەڵام  لە هەمان کاتدا دەبێت ڕەزامەندی ئەو پێنج وولاتە بەرجەستە بکەن، لە بەر ئەوە ئەو کەسانەی کە بۆ ئەم پۆستە هەڵدەبژێردرێن دەبێت ئەو پێنج وولاتە پشتگیری لێ بکەن و پاشان بە کۆمەڵەی گشتی دەناسرێت.

**باکگراوندی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

نەتەوە یەکگرتووەکان کە گەورەترین ڕێکخراوی جیهانییە و جێ کۆمەڵەی گەلانی گرتەوە، پاش جەنگی جیهانی یەکەم زۆر لە وولاتان بەو دەرئەنجامە گەیشتن کەوا بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش پێویست بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتی دەکات، هەر لەم ئاراستەیەدا بە ئاماژە کردن بە تەرحی ویلسۆن کە سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کە میساقی وولاتان بوو پایە سەرەکیەکانی کۆمەڵی گەلان چەسپێندرا، ئەوەی کە تاڕادەیەك جێ سەرسوڕمانە لە پێکهێنان و بۆنیادنانی کۆمەڵەی گەلان وە تەنانەت چەسپاندنی پایەکانی ئەم ڕێکخراوە ئەمریکا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرزی هەبوو بەڵام ئەوەی زیاترجێ سەرنجە ئەوەیە کە ئەمریکا لە گەڵ ئەوەی کە یەکیك بوو لەوانەی کە پشتگیری تەواوی دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان دەکرد بەڵام بۆ ساتێکیش بە ئەندامیەتی لەم ڕێکخراوەدا وەرنەگیرا. هەر بوویە کەسانێکی زۆر بڕوایان وایە کە یەکێك لە فاکتەرەکانی بێ هێزی و بێ توانایی کۆمەڵی گەلان کە بە هاتنی جەنگی جیهانی دووەم فەلسەفەی بوونی خۆی لە دەست دا و ڕووخا ئەندامیەتی نەبوون و بەشداری نەکردنی ئەمریکا لەم ڕێکخراوەدا بووە. هۆکاری بنەڕەتی ئەوە بوو کە ئەمریکا پاش جەنگی جیهانی یەکەم بە شێوەیەکی تەواو گرنگی بە بابەتەکانی سیاسەتی نێوخۆی وولات دەدا وە خۆی لە گرنگی دان بە مەسەلە نێودەوڵەتیەکان دوور ڕاگرتەبوو وە ئەم جۆرە سیاسەت پەیڕەو کردنە فاکتەر بوو بۆ ئەوەی کە دوورە پەرێز بێت لە مەسەلەکان و گۆڕانکاریە جیهانیەکان، ئەم بارودۆخە تاکو جەنگی جیهانی دووەم بەردەوام بوو، بەڵام بە هێرش کردنی فڕۆکەکانی ژاپۆن بۆ سەر دوورگەی ئەمریکا لە پەرل هاربوور لە حەوتی دێسەمبەری 1941 دا هۆکاری چوونە نێو جەنگ بوو بۆ ئەمریکا و وە لە پاشانیش وەك زلهێزیکی جیهانی دەرکەوت وە لە سیاسەتەی کە لە ڕابردوودا پەیڕەوەی دەکرد کە تایبەت بوو تەنها بە دۆخی ناوخۆی وولات پاشەکشە بکات.

لە ڕۆژی لە دایك بوونی کۆمەڵی گەلان تا وەکو ئەو بیست ساڵەی تەمەنی نەیتوانی کارەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدات و نەیتوانی ڕەوشی ئەو کاتەی جیهان بەرەو کەناری ئارامی و دوور لە هەر جۆرە ڕەوشێکی جەنگاوی ببات. یەکیکی تر لەو حاڵەتانەی کە بووە فاکتەری سەرنەکەوتنی کۆمەڵی گەلان پەیدا بوون و گەشەسەندنی فاشیزم بوو لە جیهانداو بە تایبەتی لە وولاتانی وەك ژاپۆن، ڕووسیا، ئەلمانیا، ئیسپانیا، ئیتالیا، و بێزاری ئەو وولاتانە بوو کە پەیماننامەی ئاشتی یان لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم مۆر کردەبوو. بەڵام لە ماوەی جەنگدا جارێکی تر ئەندێشەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی گشتی و بەرفراوان کە بتوانێت ئاشتی دابین بکات لە جیهاندا ڕای گشتی زۆر لە سیاسەتمەداران و خەڵکی ڕاکێشت کە لە کۆتاییدا ئەنجامی نوسینی لائیحەی واتە بڵاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێ کەوتەوە. زۆر لەو دەوڵەتانەی کە لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەدا ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو خۆازیاری ئەوە بوون کە ئەم ڕێکخراوە نۆییە بتوانێت کێماسیەکانی کۆمەڵی گەلان پڕبکاتەوە هەر چەندە ئەم ڕێکخراوەش بێ بەش نەبوو لەوەی کە نارەزایی بەرامبەر دەربڕێت بە تایبەتی لە مەسەلەی مافی ڤیتۆ بۆ ئەو پێنج وولاتە کە ئەمیش هەر یەك لە دەوڵەتانی ئەمریکا، ڕووسیا، فەرەنسا، چین، بەریتانیا دەگریتەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە وولاتان داوا دەکەن کەوا مافی ڤیتۆ نەمێنێت.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بارەگای سەرەکی لە نیویۆرکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە بەرفراوانترین ڕێکخراوی نێو دەوڵەتیە کە ژمارەیەکی زۆر لە وولاتان تیدا ئەندامن، یەکەمین هەنگاوی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراەی بە دەرکردنی ڕاگەیاندنێکی هاوبەش بوو لە ساڵی 1941 بە واژو کردنی چواردە دەوڵەت وە هەر لە هەمان ساڵدا بڵاوکراوەی واتە لائیحەی ئەتلانتیك کە گوزارشت لە بەرقەرار بوونی پەیوەندیەکان لە نێوان وولاتان و پێکهێنانی چوارچێوەیەکی یەکگرتوو بۆ لە نێو بردن و کۆتایی هێنان بە دیکتاتورە نازیەکان لە نێوان سەرۆك کۆماری ئەمریکا ڕۆزفلت و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا چرچێل ڕاگەیاندرا، لە کۆتاییدا نۆینەرانی بیست و شەش وولات کە لە جەنگدا بوون لە گەڵ فاشیستەکاندا لە یەکەمین ڕۆژی ساڵی 1942 دا ڕاگەیاندنەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان واژو کرد کە تییدا ئاماژە بە زەروورەتی ڕووبەڕووبۆنەوە دەکات بەرامبەر بە هەر یەك لە ئەندامانی سێ لایەنە کە وولاتانی ژاپۆن و ئەلمانیا و ئیتالیا ی دەگرتەوە وە ئاماژە بەوە کرابوو کە نابێت و ڕیگە نادرێت کە تاك لایەنە پەیمانی ئاگربەست لە گەڵ هەر یەك لەو سێ دەوڵەتانە ببەسترێت. پاشان لە ئۆکتوبەری 1943 بڵاوکراوەیەك لە لایەن هەر سێ وولاتانی ئەمریکا و ڕووسیا و چین لە مۆسکو واژو کرا کە تییدا ئاماژە بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتی دەکات کە بتوانێت جێگیرەوەی کۆمەڵەی گەلان بێت هەر لەم چواچێوەیەدا بوو کە لە ساڵی 1944 لە کۆنفرانسی ئۆمبارتن ئۆکس لە ئەمریکا هەر چوار وولاتی ڕووسیا و ئەمریکا و چین و بەریتانیا تەرحی ئەساسنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان ڕێکخست. وە لە ساڵی 1945 لە کۆنفرانسی یالتا بابەتی مافی ڤیتۆی پێنج وولاتە هەمیشەیەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش پێشنیار

کراو پاشانیش چەسپێندرا. دەرئەنجام بە بەستنی کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ لە سالی 1945 بە ئامادەبوونی پەنجاو یەك دەوڵەت لە کۆبونەوە گشتیەکان و کۆمیتە جۆراوجۆرەکان لائیحەی، بلاوکراوەیی نەتەوەکان کە لە سەدو یازدە بەند پێکهاتەبوو لە نۆزدە بەشدا ڕیکخرابوو وە لە کۆتاییدا لە بیست و چواری ئۆکتوبەری 1945 بە واژو کردنی بیست و هەشت دەوڵەت و ئامادەبوونی پەنجاو یەك دەوڵەت لە سان فرانسیسکۆ ئەم دێکۆمێنتە شێوەی ڕەسمی خۆی وەرگرت.

ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یەك سکرتێر کە بە ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی ئاسایش و پشتگیری کردنی کۆمەڵەی گشتی هەڵدەبژێردریت وجگە لەمەش لە کۆمەڵی کارمەندی دیکە پێك دێت. لە ئەرکەکانی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە بوون و بەشداری کردنی لە کۆبونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی و ...هتد. بە هۆی بەندی نەوەدونۆ لە لائیحەی نەتەوە یەکگرتووەکان سکرتێری گشتی دەتوانێت سەرنجی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ هەر بابەتێك ڕاکێشیت کە ئەو پێوایە تایبەتە بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە. لە سالی 1946 وە تاوەکو ئیستا نەتەوە یەکگرتوەکان خاوەنی هەشت سکرتێر بووە کە بریتی بوون لەمانە:

تریگۆلی لە نەرویج ـ 1946 بۆ 1953

داگ هامرشولد لە سوێد ـ 1953 بۆ 1961

ئۆتانت لە برمە ـ 1961 بۆ 1971

کورت والدهایم لە نەمسا ـ 1971 بۆ 1981

خاویر پرز دکوئیار لە پیرو ـ 1981 بۆ 1991

پتروس غالی لە میسر ـ 1991 بۆ 1996

کۆفی ئەنان لە کینیا ـ 1996 بۆ 2006

وە پاشان بان کی وون لە کۆریای باشوور کە لە سەرەتای سالی 2007 دا دەست بە کار دەبێت.

**سکرتێری نۆی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

پاش زیاتر لە تێپەڕاندنی  سێ دەیە جاریکی تر ئاسیایەکان چانسی پۆستی ئەمینداریەتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگرن، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە کە ئەم جارەش ئەم ئەمینداریەتە لە ناوچەی ئۆتانێت دێت لە بەر ئەوە ئۆتانێت ناوچەیەکە کە دەکەویتە ڕۆژهەلات ئاسیا وە بان کی وون کە خەلکی کۆریای باشوورە دەکەویتە ئەوناوچەیەوە. لەم ئاراستەیەدا بە پێ ئەو لێکولێنەوانەی کە بۆ ئەم بابەتە کراوە دەڵێن هەڵبژاردنی بان کی وون تەنها خواستی ئاسیایەکان نیە بەڵکو خواستی زۆربەی دەوڵەتانی ئەندام بووی نەتەوە یەکگرتووەکانە چونکە ئەوە بۆ ماوەی سی و پێنج سالە کە ئەم پۆستە لە لایەن کەسانی ئەوروپی و ئەفریقی و ئەمریکای لاتینی ئیدارە دەکرێت هەر بویە کۆفی ئەنانیش ئەوە ئاشکرا دەکات کە ڕێژەی زۆرینەی وولاتان داوای ئەوە دەکەن کە دەبێت ئاسیایەك بێت. ئەگەر چی لە سەرەتادا کاندیدی ئاسیایی بۆ ئەم پۆستە زۆر بوو بەڵام پاشان لە کۆتاییدا ڕەکابەری کردن لە نێوان پێنج کەسدا مایەوە کە ئەوانیش لە وولاتانی کۆریای باشوور، سریلانکا، ئەردەن، تایلەند و هێندستان بوون، سکرتێری گشتی دەبێت پاش ڕازی بوونی ئەنجوومەنی ئاسایش بە تایبەتی پێنج ئەندامە هەمیشەیەکەی، هەروەها دەبێت ڕەزامەندی سەدو نەودو دوو ئەندامی کۆمەڵەی گشتی بە دەست بهێنێت.

گرنگترین کیشە لە کاتی هەڵبژاردنی پۆستی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەنجوومەنی ئاسایشە چونکە ئەگەر یەکیك لەو پێنج وولاتە ناڕازی بێت ئەوا کاندیدی ناوبراو بۆی نیە خۆی کاندید بکات هەر وەك چۆن کاندیدی هێندستان  کە ڕەکابەری بان کی وون بوو نەیتوانی ڕەزامەندی هەر پێنج وولاتەکە مسۆگەر بکات وە بەرامبەر بە یەك دەنگ ڕەکابەریەکەی بەرامبەر بە بان کی وون دووڕاند.

بان کی وون تەمەنی شەست و دوو سالە و ماوەیەکی زۆر وەزیری بازرگانی و وەزیری دەرەوەی کۆریای باشوور بووە وە هەروەها هەر وەك نۆینەری وولات بووە لە ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کەسایەتیەکی ئەکتیڤی بواری دانوستانەکانی شەش لایەنەی قەیرانی نیمچە جەزیرەی کۆریا بووە.

بان کی وون لە ساڵی 1970 بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی لە زانکۆی سوئل تەواو کردەوە و خاوەنی پلەی دکتورایە لە زانکۆی هاروارد.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەردەمی دامەزراندنیەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات ڕووبەڕووی زۆر کێشە بووەتەوە کە تا ڕادەیەك توانیویەتی زۆریان چارەسەر بکات بەڵام هەندێ لەم کێشە و قەیرانانە تا هەنووکەش بەردەوامە، هەر بوویە دەتوانین لەم نێوەندەدا ئاماژە بە کێشەی نێوان پاکستان و هێندستان لە سەر کشمیر، ئیسرائیل و فەلەستین وە یان قەیرانی بیابانی ڕۆژئاوا بکەین وە لەم چەند ساڵەی دواییدا دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵە کێشەی تری وەك کێشەی لۆبنان و ئەفغانستان و عێراق و پیتاندتی چەکی ئەتۆمی هەر یەك لە ئیران و کۆریای ڕۆژئاوا بکەین. هەر بوویە دەبێت سکرتێری نۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی  نەرم و هارمۆنیانە پەیڕەو بکات بۆ ئەوەی بتوانێت سکرتێرێکی سەرکەوتوو وە لە هەمان کاتدا بتوانێت تێڕوانینێکی پۆزەتیف لە لایەنی گشتیەوە دروست بکات.